# دادوەران وەک دەسەڵاتی سێیەم و چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەوە

بەختیار کەریم

"حاکم قوباد" لە نووسینێکدا وەک پارێزەری ئەو دادوەرانەی کە ڕۆڵیان نەبووە لە جێبەجێکردنی کوێرانەی یاساکانی بەعسدا، ئەو یاسایانەی ئامانجی سەرەکیان کوشت و بڕی ئازادیخوازن بوو، نیگەرانی خۆی لەو گشتگیرە پیشان دەدات کە "دکتور فایەق گوڵپی" لە نووسینەکەیدا بەکاری دەهێنێت. گشتگیریەک کە جۆرێک لە ڕەوایەتی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، هاوکات حاکم قوباد وەک دادوەرێک، کە لەو سەردەمەدا خەباتی شاخی هەڵبژارد لەجیاتی جێبەجێکردنی یاسا ناشەرعیەکانی بەعس، مافی خۆیەتی نیگەران بێت. بەڵام ئێمە لێرەدا ڕۆڵی دادوەرانی کوردستان وەک دەسەڵاتی سێیەم دەخەینە ژێر پرسیارەوە، ڕۆڵێک کە هەموو ئەرکە بنەڕەتیەکانی خۆی لە دەرکردنی حوکمدا کورت کردۆتەوە، ڕۆڵێک کە ئەم دادوەرانەی کردۆتە کۆمەڵێک ڕووخساری ترسناکی پشت مێزەکان کە ئەرکیان دەکردنی بڕیارە بەپێی ئەو یاسایانەی کە زۆربەیان بەعس دەریکردون.

سەرەتا پێویستە لەوە تێبگەین کە بۆچی دادوەران دەسەڵاتی سێیەمن، یان پێویستە دەسەڵاتی سێیەم بن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، پاشان باس لە ڕۆڵی چاودێرییان دەکەین. دامەزراندنی ئۆرگانەکانی حکومەت لە سیستەمی فەرمانڕەوایی و دەستووریی دەوڵەتە دیموکراتیەکاندا بریتیە لە سێ باڵە جیاوازەکەی دەسەڵات (بەڕێوەبردن، یاسادانان و دادوەری)، ئەمە وەک پرینسیپی جودایی دەسەڵاتەکان ناسراوە. مۆنتسکیو لە ڕۆحی یاساکاندا یەکەم کەس بوو کە بە ئاشکرا ئەم جیاکاریەی بەگرنگ زانی بۆ بەرگرتن لە گردبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی تاکە (پیاوێک) یان کۆمەڵێکی دیارکراودا (Montesquieu, 1952, Book XI, chapter. 6, pp. 67-75). دواتر مۆنتسکیو دەبێتە ئیلهام بەخشی داڕێژەرانی دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گرنگترین دەستووری جیهان. جێگەی ئاماژە پێدانە کە جودایی دەسەڵاتەکان عەقیدەیەکی سیاسیە (political doctrine) نەک پرنسیپڵێکی یاسایی، لەبەرئەوە هەڵەین گەر پێمان وابێت کە دادوەران تەنها ئەکتەری یاساییین، تەواو بەپێچەوانەوە دادوەران دەسەڵاتداری سیاسین بەرلەوەی ئەکتەری یاسایی بن. دەشێت هەڵە نەبێت گەر بڵێین بەر لە مۆنتیسکیو، جۆن لۆک (John Locke) ئاماژەی بەم جیاکاریە داوە بەڵام لای لۆک دەسەڵاتی دادوەری بەشێکی دانەبڕاوە یان باڵێکە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن (Parpworth, 2004, p.19). بەر لەویش ئەرەستۆ لە کتێبی سیاسەتدا باسی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کردوە کاتێک دەڵێت سێ لایەن هەن کە ئەگەر باش ڕێکبخرێن دەبنە پێوەری دەستووری باش "یەکەم ڕاوێژکاریی کە گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو شتانە دەکات کە گرنگی گشتیان هەیە، دووەم بەڕێوەبەران، سێیەم لایەنی دادوەری" (Aristotle, 1995, Book IX, Chapter 14, p.165). لەم دیدگایەوە دادوەران وەک باڵێکی جودا لە یاسادانان و بەڕێوەبردن (جێبەجێکردن) دەبنە دەسەڵاتی سێیەم لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا. با ئێستا بپرسین تا چەند دادوەران توانویانە ڕۆڵی سیاسی خۆیان بگێڕن، تا چەند باری شانی خۆیان لەو ئەرکە مۆراڵیە گرنگە سووک کردوە؟

نمونەیەک لە ڕۆڵی داکۆیکاریی دادوەرانی بریتانیا لە بنەما دەستوریەکان و مافەکانی مرۆڤ خزمەتێکی گەورە بە باسەکەمان دەکات. پتر لە دوو هەفتە لەمەوبەر بڕیارێکی حەوت دادوەری خانەی لوردەکان (باڵاترین دادگا لە بریتانیا) یاسایەکی نوێی حکومەتی هەڵوەشاندەوە کە ڕێگەی بە بەکارهێنانی ئەو بەڵگانە دەدا لە دادگاکاندا کە لەژێر ئەشکەنجەدا لە وڵاتانی دەرەوەی بەریتانیا وەرگیراون. ئەم بڕیارەی خانەی لۆردەکان حکومەتی تووڕە و شێلگیر کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەم بڕیارە دەبێتە ئاستەنگ بۆ شەڕی دژە-تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسیەوە، بەڵام حکومەت هیچی پێنەکرا، چونکە یاساکەی حکومەت نادەستوری، دژی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دەوڵەتی یاسا بوو. هاوکات ئەم بڕیارەی دادوەران لەلایەن میدیای بریتانیەوە وەک سەرکەوتنێک نمیاشکرا و ڕۆژنامەی گاردیان بە مانشێتی گەورە نووسی بووی "نا بۆ ئەشکەنجە ئێمە بریتانین". ئەم نمونەیە بۆ خۆی دەدوێت و ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی دادوەران دەدات، ئەم بڕیارە پێمان دەڵێت هەر چاوپۆشینێک لە پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ هەنگاوێک مرۆڤایەتی بەرەو دواوە دەباتەوە، پێمان دەڵێت کە دادوەران دەبێت داکۆیکاری مافی مرۆڤ بن و جڵەوگیری حکومەت بکەن. هەر ئەوەندە بەس نیە دادوەران کوێرانە پیت بە پیتی یاساکان جێبەجێ بکەن، بەڵکو ئەرکی دادوەران بەر لە جێبەجێکردنی یاساکان تاقیکردنەوەیانە و دڵنیابوونە لە شەرعیەتی ئەم یاسایانە.

دادوەران کە خۆیان دەسەڵاتی سێیەمن، هاوکات چاودێرن بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەوە. ئەو ڕاستیەی کە دادوەران توێژێکی هەڵنەبژێردراون یەکێکە لە تەنزەکانی دیموکراسی. ئەو نمونەیەی سەرەوە دەریدەخات دادوەران ئەگەرچی شەرعیەتیان ڕاستەوخۆ لە جەماوەرەوە سەرچاوەی نەگرتوە، کەچی دەتوانن وەک باشترین پارێزەری دیموکراسی کار بکەن. دەشێت ئەم نادیموکراتیەتەی پۆستی دادوەران ئەو هەستەی لای زۆرێک لە دادوەران دروست کردبێت کە خۆیان بە پاشکۆی حکومەت و پەرلەمانی هەڵبژێردراو بزانن. بەڵام ئەگەر دادوەران وەک دادوەرانی بریتانیا لەو نمونەیەی سەرەوەدا بیسەلمێنن کە پارێزەری سەرسەختی بنەماکانی دیموکراسی و مافی و مرۆڤن ئەوا قەیرانی شەرعیەت هیچ لە کاراییان ناگۆڕێت. هاوکات ئەم سەرسەختیەی دادوەران لە پاراستنی دەوڵەتی یاسا و مافی مرۆڤ بەشێوەیەک لە شێوەکان بەخشینی ڕێزە بە خۆیان و گێڕانەوەی پیرۆزییە بۆ پۆستەکانیان. بەپێچەوانەشەوە کاتێک دادوەران گوێی خۆیان لە نادادیی کەڕ دەکەن، کاتێک ئامادە نین ڕەخنە لە هاوپیشەکانی خۆیان بگرن و حکومەت بخنە ژێر ڕەحمی یاساوە و سەرکردە ناچار بکەن لە سنوورەکانی یاسادا بزوێت، ئەوا بەر لە هەر شتێک بێڕێزی بە خۆیان و پۆستەکانیان دەکەن.

هەر لەخۆڕا نیە بە دادگای باڵای ئەمریکی دەڵێن پارێزەری دەستور، دەستورێک کە نەک هەر بەرهەمێن و پارێزەری مافە بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکا بەڵکو سەرچاوە و ئیلهامێکیشە بۆ نیشتمان پەروەریی لە دەوڵەتێکدا کە شتێک لە چەشنی نەتەوە بوونی نیە. ئەگەر ئەم دادوەرانە چاوکراوە نەبن و ڕۆڵی چاودێر نەگێڕن جۆرج بۆش یان هەر سەرۆکێکی دیکە دەسەڵاتەکانی خراپ بەکار دەهێنێت. ئەگەر دادوەرانی کوردستان بەم ڕۆڵە سیاسیەی خۆیان ئاشنا نەبن کە بریتیە لە جڵەوگیرکردنی سەرکردە و بەڕێوەبەرانی حکومەت ئەوا ئەم دادوەرانە هیچ لە دیموکراسی تێنەگەیشتون، خۆ ئەگەر پێی ئاشنان و کەمتەرخەمن لە بەکارهێنانیدا ئەوا ئەمە بەتەنها شکستخواردن نیە لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان، بەڵکو ئەمە ڕێگەخۆشکردنە بۆ فراژانی دەسەڵاتێکی تاکڕەو، بۆ سەرکردەیەک کە دواجار خودی ئەم دادوەرانە دەکەونە بەر چڕنوک و کەڵبەکانی. ئەو دەستکورتیەی دادوەرانی کوردستان بەرامبەر دزینی سەروەتی نەتەوەیەک، بەرامبەر دەسەڵاتی ڕەهای سەرکردەکان، ئەو بێدەنگیەی دادوەران لە بەرامبەر دیاردەی دزی سیستەماتیکی (کە بۆ پەردەپۆشکردن پێی دەڵێن گەندەڵیی) ترسناکترین زەنگە بۆ گوێی ئازادیخوازان و چێژبەخشترین میلۆدیە بۆ گوێی ئەو چەتانەی بە ڕۆژی ڕوناک تاڵانیی دەکەن. بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان بەر لە هەموو کەس دادوەرانیان خەساندوە، ئاخر کاتێک جێبەجێکارانی یاسا شەرعیەت بە یاسا جەنگەڵیەکان دەبەخشن دیکتاتۆر دەتوانێت ئاسودە بکەوێتە کوشتنی هاووڵاتیان، بەڵام تا دادوەرێکی یاخی لە سەر زەمینی دیکتاتۆر مابێت دیکتاتۆر شەوانی بێ کابوس ڕۆژ ناکاتەوە.

گومانی تێدا نیە دادوەرانی کوردستان ڕووبەڕوون لەگەڵ قەیرانی سیاسی و کێشەی یاسایی، قەیرانی سیاسی بەهۆی ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسی عێراق کە کوردستان وابەستەیە پێوەی، کێشەی یاسایی بەهۆی بۆشایی دەستوریی. بەڵام ئەمانە هەرگیز ڕەوایەتی نابەخشن بەو بێدەنگیەی دادوەران لە هەمبەر ئەوەی لە بەرچاوانیاندا وەک شانۆگەریەکی تراژیدی دەگوزەرێت، شانۆگەریەک کە ئەو دادوەرانە دەرهێنەرەکانی باش دەناسن. ئەو بۆشاییە دەستوریەی ئەم وڵاتەی پێدا تێپەڕ دەبێت ناکرێت وەک بەیداخی سپی ببنیرێت بۆ هەڵبژاردنی خراپترین یاسا بۆ سەرکوتکردن. ئەوانەی پێوانگە شارستانیەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ دەخەنە سەرو هەر یاسایەکی سەرکوتکەرەوە دادوەرانن، ئەوانەی کە نووسەران و ڕۆشنبران لە دادگای داخراودا وەک پیاوکوژ بگرە کۆمەڵکوژێک بە سی ساڵ زیندانیی سزا دەدات هەر دادوەرانن. بەڵام با بپرسین گەلۆ سەرچاوەی ئەو بێدەنگیەی دادوەران چیە؟ چۆن بێت هەتا هەنووکە دادوەرێک "نا"یەکی نەچرپاندوە بە گوێی ئەم سەرکردانەدا کە زۆرترین دەسەڵاتیان لە دەستدایە و کەمترین خزمەت پێشکەش دەکەن؟ ئەوە چیە دادوەران ناچار بە بێدەنگی دەکات کاتێک بڕیارێکی ناشەرعی بەسەر نووسەرێکی وەک (دکتۆر کەمال سەید قادر)دا دەسەپێنرێت؟

دڵنیام دادوەران بۆ وەڵامی دوا پرسیار دەڵێن پرۆسەیەکی یاسایی پێداچونەوە هەیە بڕیار لە شەرعیەت و یاسایی بوونی بڕیارەکان دەدات، بەڵام کاتێک دادگایەک بێترس بڕیارێکی لەم جۆرە دەربکات چ ئومێدێکمان بە دادگای پێداچونەوە هەبێت؟ ئەو بڕیارەی دادگای هەولێر لەهەر وڵاتیکی تر بوایە ئێستا کابینەی حکومەت ناچار دەکرا دەست لەکار بکێشێتەوە، پەرلەمانێک هەڵدەوەشایەوە، دەیان دادوەر وەک پرۆتێست پشت مێزەکانیان بەجێ دەهێشت و لەگەڵ ڕۆشنبیران و جەماوەردا دەڕژانە سەر شەقامەکان. ئەم بڕیارەی دادگای هەولیر ترسناکترین بڕیارە بە ناوی یاساوە، ترسناکترە لە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی بۆ گولەبارانکردنی دیلەکانی شەڕی ناوخۆ. بەڵام دادوەران وەک دەسەڵاتی سێیەم نەک هەر ورتەیان لێوە نایەت، بەڵکو ئامادەن پۆستی گشتی خۆیان بەهەڵە بەکاربهێنن. ئەمە جێگەی سەرسامی نیە چونکە ڕۆشنبیران ناوێرن پرسیار لەم دەستکورتیەی دادوەران بکەن، چونکە پەلکێشی

دادگایان دەکەن. بە دەربڕینێکی دیکە کاتێک دادوەران دەستەوسانن لەوەی سەرکردەکان بخەنە ژێر پرسیاری ئەخلاقیەوە و ڕاپێچی دادگایان بکەن ناچارن بۆ پیشاندانی کارایی ناکارایان نووسەران بخزێننە قەفەسی تاوانبارییەوە ئەمەش دیسان بۆ پاراستنی قودسیەتی سەکردەکانە. دادوەران لەبری ئەوەی لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بەردەوامدا بن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی حکومەت، لە شەڕێکی قێزەونی نەپساوەدان لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی تەنها خولیایان ئازادی دەربڕین و داکۆکیە لە مافی مرۆڤ. جێگەی سەرسامیی نیە وەزیری ئەشکەنجە (کە بە هەڵە پێی دەڵێن وەزیری مافی مرۆڤ)، بەبێ ئەوەی دەسەت لەکار بکێشێتەوە بەبێ ئەوەی یەک دڵۆپە ئارەقەی شەرمەزاری لەم چڵەی زستانەدا ڕووخساری ڕەش دابگەڕێنێت، پۆزش بۆ ئەم بڕیارە ناشەرعیەی دادگایەکی نهێنی دەهێنێتەوە. وەلێ جێگەی سەرسوڕمانە تا ئەندازەی پەڕینی چاومان بۆ تەوقی سەرمان، کاتێک یەک دادوەر شک نابەین وشەیەک لەسەر نادادی، ناشەرعیی و نایاسایی ئەم بڕیارە بدرکێنێت.

کاتی ئەوە هاتوە دادوەران سەنگەرەکانیان لە ناو حیزب و دیوەخانی سەرکردەکانەوە بگوێزنەوە بۆ نێو جەماوەر، بۆ نێو ئەو جەماوەرەی ئەم دادوەرانەی بەکرێ گرتوە تا پارێزگاری لە ماف و ئاسایشیان بکەن. کاتی ئەوە هاتوە دادوەران ڕووخساری گەشی دادخوزییان بە جەماوەر بناسێنن و ڕووی گرژی ڕەخنە و لێپرسینەوەیان بە دەسەلاتداران ئاشنا بکەن. نارەوایە پێشمەرگە/دادوەری هاوشێوەی حاکم قوباد چەکەکەی دابنێت، پێویستە پێشمەرگەی لەم چەشنە لە جەنگێکی مەدەنییدا سەرکردەی بێباک، ئەندام پەرلەمانی خەوخۆش و بەرپرسی دز بداتە بەر ڕێژنەی ڕەخنەی ئەخلاقیی، بۆسە بۆ ئەو چەتانە دابنێت کە خەمی گەورەیان گرکردنەوەی سەروەتە، نارنجۆک بە ڕووی ئەو دادوەرانەدا بتەقێنێتەوە کە بڕیاری ناشەرعی دەردەکەن.

2005/12/27

ئۆکسفۆرد ئینگلاند


سەرچاوەکان

1. حاکم قوباد، 05/12/26، برام... دکتۆر فایەق گۆڵپی، دەنگەکان ژمارە 329: http://www.dengekan.com/doc/2005/12/hakmQubad26.pdf
2. دکتۆر فایەق موحەمەد گۆڵپی 2005/12/20، حاکمەکانی سلێمانی بە منداڵ دەوێرن، حاکمەکانی هەولێر بە ڕۆشنبیر دەوێرن، هەردووڵاش کۆیلەی داگیرکەران و دابەشکەرانی کوردستانن، دەنگەکان ژمارە 323، http://www.dengekan.com/doc/2005/12/faikGulpe20.pdf

3. Aristotle, (1995), Politics, Oxford: Oxford University Press.
4. Montesquieu, (1952), The Spirit of Laws, Chicago: William Benton.
5. Parpworth, N. (2004), Constitutional and Administrative Law, 3rd edition, London: William Clowes Limited.